www.kurdistannet.org
23/05/2002 11:13

# شاعیرو جەلاد

یاسین بانیخێلانی

لێرەدا من بە دوای واتاکانی شاعیرییەت و جەلاددا ناگەڕێم، چونکە ئەو دوو وشە جگە لەوەی دوو دنیای جیاواز لە زەینی هەر مرۆڤێکدا پێکدەهێنن، هەر یەکێك لە ئێمەش ئەگەر لە سادەترین پێناسەو تێگەیشتندا بێت دەزانێت ئەو دووانە دوو دوژمنی سەرەکین و هەریەکەیان بەدوای نەفیکردن و لەناو بردنی ئەوی تردا دەگەڕێت، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج وداخە لە کوردستانی ئێمەدا چونکە مەملەکەتی سەرسوڕمانی دونیای هەشتەمە (عجایب الدنیا الثامنة) زۆرجاران مرۆڤ بە ئاستەم جەلاد و شاعیر لەیەك جیا دەکاتەوە. لێرەدا بە هیچ شێوەیەك نامەوێت تاوان بخەمە پاڵ هیچ کەسێك لەپاڵ ئەمەشدا بمەوێت لە نرخ و داهێنانی خەڵکانی تر کەمبکەمەوە، بەڵام مافی خۆشمە قسە لە دزێوترین دیاردە بکەم، کە دوێنێ لای من جوانترین بوون. شاعیر لای من تەنها ئەو ڕەگەزە نییە، کە لە ڕێگای پەیوەندییە ڕۆحییەکانی خۆیەوە سروشت و لە ڕێگای ناسکی هەستەکانیشیەوە جوانیمان پێدەناسێنێت، بەڵکو لەکورتترین پێناسەدا شاعیر لای من ڕەگەزێکی ڕاستگۆیە و هەمیشە بەدوای حەقیقەتدا وێڵە، هەربۆیە بە ڕەگەزێکی ئاژاوەگێڕ ناوزەند دەکرێت و هەر لەبەر ئەمەش بوو پلاتۆن لە مەملەکەتەکەی خۆی وەدەری نان، لە ڕوویەکی تریشەوە زۆرجاران چۆنێتی ژیانی کەسێك بۆ خۆی دەبێتە جوانترین شیعر، بۆیە شاعیرێتی تەنها دەربڕینی وشە نییە، هەروەها ئەو ئیلهامە خواییەش نییە وەك لای ئێمە دەیجونەوە، بەڵکو شاعیرییەتی وەك ئەو بورکانە پەنگخواردووەی ناو ناخی زەویی وایە، کە هەتا فشاری بۆ بێت و ڕێگای لێبگیرێت، ئەو زیاتر بۆ تەقینەوە ئامادە دەبێت.

حەمە سەعید حەسەن دەڵێ: (هیچ شیعرێکی ئەبو بەکر عەلی لە مەرگی جوانتر نییە) بەڕاست هیچ شیعرێکی ڕامبۆ ئەوەندەی هەڵسوکەوت و ژیانگوزەراندنی جوانی و ڕاستگۆییان تێدایە؟ جا پرسیارەکە ئەوەیە: ئەرکی شاعیر تەنها کاغەز ڕەشکردنەوەو قسەی زلکردنە یا شاعیرییەت بۆ خۆی کاراکتەرێکە لەژیانی ڕۆژانەی کەسێکدا ڕەنگدەداتەوە؟. بێگومان شاعیرییەت بۆ خۆی ئەو کاراکتەرەیە ڕۆژانە شیعر نیشانی ئێمە دەدات و بە جاویدانییەتمان دەناسێنێت، خەڵکانێکی زۆر هەن شاعیر نین و شیعریش نانووسن، بەڵام هەر هەڵسوکەوتێکی ڕۆژانەیان بۆ خۆیان جوانترین شیعرە. ئەرکی شاعیر تەنها ئەوە نییە باس لەجوانی بکات و سەرنجی ئێمە بۆ جوانی ڕابکێشێت، بەڵکو توانەوەی خودی شاعیرە لەناو جوانیدا. بۆیە کاتێك شاعیر پێش ئەوەی بیەوێت پەسنی جوانی ئافرەتێك بکات، دەبێت بۆ خۆی لەناو ئافرەتدا توابێتەوە. جوانترین شیعر لای من ئەو شیعرەیە پێش ئەوەی لەدایك بووبێت شاعیرەکەی هێنابێتە ژان، ئاخر چی جیاوازییەك لە نێوان لەدایك بوونی مناڵ و شیعردا هەیە؟. بڕوا ناکەم لە کوردستاندا تا ئێستا شاعیرێك هەبووبێت ئەوەندەی قوبادی جەلیزادە ئافرەت لە شیعرەکانیدا ڕەنگی دابێتەوە، هەندێ لە شیعرەکانی بۆ ئافرەت ئەوەندە بە هەستێکی ناسك نووسراون مرۆڤ بەئاستەم ئەتوانێت بڕوا بەوە بکات، ئەو شیعرانە بەدەست و پەنجەی پیاوێك نووسراون، بەڵام ئەوەی جێی سەرنج و داغە ئەوەیە: قوبادی جەلیزادە سەرۆکی دادگای سلێمانییە،

www.kurdistannet.org
23/05/2002 11:13

ئەو دادگایەی هەموو یاساکانی هەتا ئێستا هەمان ئەو یاسایانەیە پەنجا ساڵە لە عێراقدا کاری پێدەکرێت بەسەردەمی بەعسیشەوە، ئەو دادگایە پشت بەو یاسایانە دەبەستێت، کە تاسەر ئێسقان دژ بە ماف ئافرەتانە، ئاخر دەبێت بە بڕیارێکی ئەو دادگاو بە ئیمزای دادوەرێکی وە قوبادی جەلیزادە چەندین هەزار ئافرەت زوڵمیان لێکرابێت و لەمافەکانی خۆیان بێبەشکرابن، هەر لەم ڕۆژانەدا ئافرەتێك لە ئەڵمانیا لەلایەن ئەو دادگاوە هەموو مافەکانی پێشێلکرا. ئەڵبەتە من بۆ خۆم بە هەموو شێوەیەك لە شێوەکان دژی دەسەڵاتی دادگام، چونکە دادگا پشت بە کۆمەڵە یاسایەك دەبەستێت، کە دەسەڵات لە پشتییەوەیە و بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی دەسەڵات دەکات، ئێمەی کورد لەو بوارەدا ئەزموونێکی گەلێك تاڵمان هەیە، کە چەندان لاوی شۆڕشگێڕ و بێتاوان بە پێی ئەو یاسایانە ملیان بە پەتی نەفرەتلێکراوی سێدارەدا کرا. چەند هەفتە پێش ئێستا ڕۆژنامەی بیلد (Bild) ی ئەڵمانی تراژیدیای لاوێکی تەمەن 31 ساڵەی لە فەرەنسا دەگێڕایەوە، کە پێش شازدەساڵ ئەو لاوە بەتۆمەتی کوشتن زیندانی کراوە، کەچی پاش پازدەساڵ زیندانی دادگایی دەکرێتەوە بێتاوان دەردەچێت، هەموو وتەیەکی ئەو لاوە ئەوەیە پازدەساڵ تەمەنی لاویم کێ بۆم دەگێڕێتەوە؟!، ئەمە لەووڵاتێکی بەناو دیمکراسی و شارستانییەتدا ئەی دەبێت لە کوردستانێکی وێرانی جەستە لەبەریەك هەڵوەشاوەدا چەندین نمونەی ئەو لاوە فەرەنساییەمان هەبێت؟ ئایا کاك قوبادی جەلیزادە وەك شاعیرێك هەست بەوە ناکات، کە ئەو کورسییە ئەوی لەسەر دانیشتووە هەموو مرۆڤێکی بەهەست و هۆشیار نەفرەتی لێدەکات؟ ئایا بۆ جارێك دەقە شیعرییەکانی لەگەڵ دەقە یاساییەکانی بەردەمیدا بەراورد کردووە، کە تاچەنێك لەیەك دەچن؟ یا کاك قوباد هەست بەتاوانبارییەك دەکات و لە ڕێگای شیعرەوە بەرایی خۆی دەنووسێت!.

Heidelberg
23. 05. 2002

تێبینی

تکایە سەیری دوا ژمارەی هاوڵاتی بکەن